www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-12-2006 19:55

26-12-2006 سلێمانی

سەدام بەشەر و کوشتن تەعریبی کوردستانی بۆ نەکرا، بەڵام لە ئێستاداو لەسایەی فیدراڵیدا تەعریبی کوردستان دەکرێت! ... کارزان عەلی

وەکو لای هەمووان ئاشکرایە لەسەردەمی دەسەڵاتی رەشی بەعسدا سەدام بەردەوام لەهەوڵ و لەناوبردنی کورد و تەعریبی کوردستاندا بووە، هەرچەندە ئەوەی لە توانایدا بوو لە شاری کەرکوك و دەروروبەری بەهێنانی عەرەب بۆ ئەو ناوچەیە ئەنجامیدا، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەی دەتوانی لەناوچەی سلێمانی یاخود چەند شوێنێکی تر ئەو کارە ئەنجام بدات لە ترسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئەوەی کە ئێستا جێگای نیگەرانیە و لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە لە ساڵی 2003 وە بە هەزاران زگورتی و خێزان عەرەب رووبان لەشارەکانی کوردستان کردوە. بەگوێرەی هەواڵیکی رۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە 4040 کە رۆژی 7-8-2006 بڵاوکراوەتەوە بەگوێرەی دوا ئامار ژمارەی ئەو عەرەبانەی رووبان لەشاری سلێمانی کردووە گەیشتۆتە 50 هەزار و ژمارەی ئەوانەی رووبان لە شاری هەولێرو دهۆك کردووە تاوەکو ئێستا نادیارە. هاتنی ئەو عەرەبانە بەهەربیانویەك بێت بۆ کوردستان بەبروای من لە ماوەی داهاتوودا کاریگەری زۆر خراپی دەبێت لەسەر کوردستان و لەسایەی فیدراڵیدا کوردستان تەعریب دەکرێت. لەدوای رووخانی رژێمی گۆر بەگوری بەعسەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەوڵی ئەوەدایە گە عەرەبە هاوردەکانی کەرکوك بگێردرێتەوە بۆ شارو ناوچەکانی خۆیان و ئەوشارە بگەرێتەوە سەر کوردستان، وەکو لە دەستوری عیراقیدا بەماددەی 140 ناسراوە. ئەگەر دەتانەوێت عەرەبە هاوردەکانی ئەو شارە بگەرێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و ئەو شارە سیما کوردستانێکەی وەربگرێتەوە؟ ئەی بۆ رێگە دەدەن بەو شێوازە عەرەب لەشارەکانی کوردستان نیشتەجێبن و گوشارێکی زۆر بخنە سەر کوردستان لەرووی نیشتەجێبوون... هتد. ئەگەر سنورێك بۆ هاتنی ئەو عەرەبانە دانەنرێت دڵنیام لە چەند ساڵی داهاتوودا دەبێت وەکو چۆن ئێستا دەڵێن کەرکوك شارێکی کوردستانییە ئەوکاتە دەبێت واز لەکەرکوك بهێنین و بڵێین سلێمانی و هەولێر و دهۆك شارێکی کوردستانییە بەگوێرەی ئاماری1957 زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن. لەم نوسینەدا تەنها باسی چەند لایەنێکی خراپی ئەو تەعریبە دەکەم و لەئێستاوە ئەو ئاماژەیە دیارە کە شاری سلێمانی خەریکە تەعریب دەکرێت. ئەگەر ئەو کەسەی بۆ نانخواردنێکی ئێوارە سەردانێکی ئەو خواردن وخواردنەوانەی سەرچنارو شوێنە گەشتیارێکانیان کردبێت ئەوە دەبینێت ئەو کەسانەی لەوێ کاردەکەن هەمووی عەرەبە و دەبێت لەشارەکەی خۆتدا بە زمانی نەتەوەیەکی تر
(واتە عەرەبی) قسە بکەیت چەندین شوێنی گشتی تر هەیە کە هەمووی عەرەبە و شوێنەکان بەدەست عەرەبە هاتووەکانەوەیە. من کەسێکی رەگەز پەرست نیم بروام بەپێکەوە ژیانی نەتەوەو ئاینە جیاوازەکان هەیە، بەڵام نەوەکو وەکو ئێستای کوردستان کە لەشارو وڵاتەکەی خۆمدا بەزمانی نەتەوەیەکی کە قسەبکەم. کاتی خۆی ئەگەر کورد بچوبایە بۆ بەغدا وشارەکانی کە دەبوایە بەزمانی عەرەبی قسەی بکردایە و ئەگەر عەرەبیت نەزانیایە ئەوە هیچت بۆ نەدەکرا وئەگەر زۆر قسەشت بکردایەوە دەیانگوت عەرەبی زمانی رەسمی وڵاتەو دەبێت عەرەبی بزانیت! هەرگیز عەرەبێك فێری کوردی نەدەبوو لەبەر ئەوەی خۆی بەگەورەتر زانیوە لەکورد و ئیشی بەفێربوونی زمانی کوردی نەبووە. ئێستا ئەوان هاتوونەتە شارو وڵاتەکەمان وهەر دەبێت ئێمە بە زمانی ئەوان قسە بکەین و ئەوان ئامادەنین فێری زمانی ئێمەبن. ئەوەی کەزانراوە هەر هاوڵاتیەك لە هەرشوێنێك نیشتەجێببێت دەبێت

خۆی فێری زمانی ئەو وڵاتە بکات. بۆ نمونە من ماوەی 10 ساڵە لەهۆڵەندا نیشتەجێم و بەبڕیار دەبێت فێری زمانی ئەو وڵاتە ببم ئەگەر نا بۆم نییە داوای ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەبکەم، ئەگەر زمانەکەی بەباشی نەزانم. چونکە من لەوێ نیشتەجێم. دەبێت فیری زمانی وڵاتەکە ببم. دیمەنێکی ترسناکی کەی تەعریب لەشاری سلێمانی دانانی ئەو دەیان بۆردانەیە کە لە دەروازەی شارو شەقامی شەست مەتری دانراوە و بەزمانی عەربی نوسراوە (الارهاب لادین له) . خاڵێکی تری ئەو تەعریبە بەهێزکردنی شەبەکە و تۆری کۆمپانیایی مۆبایلی (IRAQNA) لەکوردستان و نەمانی تۆری ئاسیا سێڵ لە سەر مۆبایلەکانی ئەوانەی هێڵی ئەوروپایان هەیە! لە دوو ساڵی ڕابردوو کە دەگەڕامە کوردستان هێڵی مۆبایلەکەم کە هی هۆڵەندایە کاتێك دەگیشتمە سنوری تۆری ئاسیاسێڵ ڕاستەوخۆ دەچووە سەر تۆری ئەوان دەنوسرا ئاسیاسێڵ، بەڵام لەئێستا ئاسیاسێل بوونی نەماوەو هێڵی موبایلەکەم دەچێتە سەر تۆری (IRAQNA) کە ئەویش کۆمانیایەکی عەرەبیە ولەو بروایەدام لێپرسراوانی ئاسیاسێڵ بەم کارەی ئەو کۆمپانیا عەرەبیە نازانن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا ئەنجامی داوە!! وەکو لەسەرتاوە ئاماژەم پێکرد ئەوە سەرەتای تەعریبە! ئەگەر نا بۆ لەشارێکی وەکو سلێمانیدا ئەو بۆردانەمان بەزمانی عەرەبی بۆ دادەنێن؟! ئەوەی جێگای سەر سورمانە سەیرانگای نەورۆزیش سێ (حوشتری) هێناوەتە باخچەی ئاژەڵەکانیەوە! خاڵێکی تری ترسناکی ئەو تەعریبە ئەوەیە کە چەندین عەرەب لە دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا دامەزراون و زیاتر لەکورد و خەڵکی ناوچەکە حساییان بۆ دەکرێت. من هەرگیز بروام بەو جۆرە کەسانە نییەو بروانا کەم دڵسۆزبن بۆ وڵاتەکەی ئێمە. هەقە حکومەتی هەرێم پێش هەر ڕودانێك و ناڕەزایەکی جەماوەری کوردی سنورێك بۆ هاتنی ئەو عەرەبانە دابنێت ئەگەرنا لەو بروایەدام لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا ئاکامێکی خراپی دەبێت لە سەر کوردستان و ئەگەری ڕوودانی کارەساتی خراپی دەبێت لە سەر کوردستان و من لێرەدا چەند لایەنێکی کەمی خراپی هاتنی ئەو عەرەبانەم باسکردوە، ئەگەر لە زۆر ڕووە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت ئەوە ئەو کاتە دەزانرێت چەندین ئاکامی خراپی دەبێت لەسەر کوردستان.

تایبەت بە کوردستان نێت